# پیاوانه یاری بکه و ژنانه بیبەرەوه..!

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح
**Email:avinfatah@yahoo.com**

ئەمە ناونیشانی کتێبێکە لە نووسینی ( گیل ئیڤانس)کە (شەیدا سەلاح) لە فارسیەوە وەریگێڕاوەو لە لایەن خانەی وەرگێڕانیشەوە چاپ کراوەو بەم دواییانە کەوتۆتە بازاڕەوە، نووسەری کتێبەکە خانمێکی ئەمەریکاییەو باسی ئەزموونی کارکردنی خۆی دەکاتو هۆکارەکانی سەرکەوتنی خانمی کارمەند بە شێوازێکی رۆژنامەوانی و رەخنەگرانە دەخاتە بەرباس وڤەکۆلین، بەراوردێکی زۆر جوانیشی لە نێوان سایکۆلۆژیای ژنو پیاوی لە بواری کارکردندا کردووە.

نوسەری کتێبەکە، لە ساڵی **1963**دا خوێندنی زانستگای تەواو کردووە، لە ساڵی **1997** ەوە جێگری بەڕێوبەری جێبەجێکاری کەناڵی (**CNN**)ەو هەر لەو ساڵەشدا( کلنتۆن)ی سەرەك کۆماری ئەوکاتەی ئەمەریکا بە ئەندامی کۆمیتەی کۆشکی سپی دایمەزراندووە، خاتوو ئیڤانس ئەندامی کۆمیتەی (**200**) ئەندامی ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی هاوبیری ژنانو ئەندامی لیژنەی دادگای ئیستئنافی نەوجەوانانی ئەتلانتایەو لە سیمیناری کۆلیژی زانستی ئیداریو بازرگانی ئیمری لە ئەتلانتا لە بواری گرفتە سێکسیەکانی ناو کارکردندا وانەی وتووەتەوە، جگە لەوەش ئەندامی لیژنەی زانستیی چەندین زانکۆو دامەزراوەی خزمەتگوزاری گشتییە، کچێك و دوو بووكو کوڕەزایەکی هەیە کە کچە و لە کتێبەکەیدا هیوا دەخوازێت کە ئەوانیش وەکو خۆی ، سەبارەت بە ژنبوونی خۆیان گەشبین بن .

هەرچەندە ئەو لە روانگەی کۆمەڵگەیەکی جیاواز لەوەی ئێمەوە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ژنان لە کاردا شیدەکاتەوە، بەڵام کتێبەکە هەندێك خاڵی وروژاندووە کە لەوانەیە ئێمەش بگرێتەوە بۆیە حەز دەکەم منیش کەمێك دەربارەیان بئاخڤم.
بە بۆچوونی ئیڤانس، ئەو کاتەی کە کولتوری کارکردن لە کاتی گەڵاڵەبووندا بووە، هیچ ژنێك لەم بوارەدا چالاکی نەکردووە، جا لەبەر ئەوەی ژنان ئامادە نەبوونە بۆیە پیاوان بە تەنیا رێساو یارییان نووسیوە.. هەروەها لە یاریکردندا سایکۆلۆژیاو پەروەردەی ژنان لەوەی پیاوان جیاوازە، پیاوان مەبەستیان ئەوەیە لە یارییەکە بیبەنەوە، هەرچی ژنانن دیانەوێ لە یاریکردندا چێژ وەرگرن، بۆیە هەمیشە پیاوان پۆستو پلەو پایە وەردەگرنو ژنانیش لەو پەڕی پێشکەوتنیاندا ، هەمیشە یاریدەدەری ئەوانن!!

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارەش چەندین رێنماییی پێشکەش کردووە کە لای من زۆر بە نرخنو هەر وەکو خۆی دەڵێ: ئەوەی پێویستە هەموو خانمێکی کارمەند بیزانیت.
ئەوەی لە کتێبەکەدا سەرنجی راکێشام ئەوەیە لە سەرەتاوەکە باسی جیاوازی نێوان ئەو هەڵانەی بۆ پیاوان دەرەخسێن کردووە، ئەو حاڵەتەی کە وای لە ژنان کردووە هەمیشە وابەستەی خزمەتکردنی خێزانەکانیان بنو وەکوو پیاوان بۆیان نەلواوە کە بتوانن تەواوی بیرو توانای خۆیان بۆ کارکردن وەگەڕ بخەن، هەمیشە فکریان لای ماڵەوەیەو خوا خوایانە کەمێك زووتر بتوانن بگەڕێنەوەو ئەرکەکانی ماڵەوە راپەڕێنن،بەڵام ئیڤانس زۆر لەسەر ئەم حاڵەتە نەوەستاوەو باسی شتی دیکە دەکات کە بە هۆی سەرنەکەوتنی ژنانی دادەنێت.

بە کورتی ئەو پێی وایە کە ژنان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز لە پیاوان گەورە دەبنو ئەوان ئامادەی شەڕکردن نین، بگرە زۆر عاتیفیانە کار دەکەن، بە پێچەوانەی پیاوانەوە کە هەمیشە خەریکی ململانێ و شەڕن لە پێناوی دەسەڵات بۆیە لای ئەوان کار کارەو هیچ پەیوەندی بە سۆزەوە نیە لەگەڵ ئەوەش ئیڤانس زۆر خوشحاڵە بە ژنبوونی خۆیو لە نێوان ئەم جەنجاڵی وسەرقاڵیەدا رێگای خۆی کردووەتەوەو هیوادارە کە ژنانی دیکەش وەکو ئەو بتوانن لە کارەکانیاندا سەرکەوتووبن.
ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ژنان (**46**٪) ی تەواوی هێزی کار پێك دێنن، ئەم رێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی **1950** کە( **29.6**)بووە ، گەشەکردنێکی بەرچاوی پێوە دیارە. بەڵام لە ساڵی **1999** تەنها (**11.9**) لە کۆی( **11.681**) ی ژنان، خاوەن پۆست بوونە لە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمەریکا.

هەرچەندە ئێمە لە زانینی ژمارەی ژنە کارمەندەکانی لای خۆمان بێبەشین، بگرە کارکردنی ژنان لای ئێمە هێشتاهەر نەبووەتە پێتڤییەکی کۆمەڵایەتیی حەتمیو خودی ژنانمان هێشتا لە لایەن پیاوانەوە مەسرەف دەکرێن، بەڵام کەمو زۆر، ئەگەر بەناچاریش بێت ژنان کاردەکەنو پۆست وەردەگرن، ئەگەرچی پۆست وەرگرتنیش لای ئێمە وەکوو ولاتە پێشکەوتووەکان نیەکە بە بروانامەو لێهاتوویی پشت ئەستوور بێت، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەو پۆستانەی بۆ ژنان دادەنرێن لە ئاستی ئەوانەی پیاواندا نینو هەمیشە نیو هێندەی پیاوانیش دەسەڵاتیان نیە.

تۆ بڵێی ئەوە راست بێت کە سایکۆلۆژیای ئێمەی ژن وا بێت کە خۆمان حەزمان بە پۆستو دەسەلات نەبێت و بە دەسەلاتێکی کەم قایلو دڵخۆش بین؟ پێم وایە ئەگەر ئەمە راستیش بێت ئەوە دیسان رەنگدانەوەی کولتووری پیاو سالارییە، لێرەوە دەڵێم مادامەکێ پیاوان سیستەمی کارکردنیان دارشتبێتو ئەوان لە نهێنی گەمەی کارکردنو دەسەلات وەرگرتن بزانن، قەیدی چیە با ئێمەش لە بازنەی داخراوی ئەرکەکانی ماڵەوە خۆمان دەرباز بکەینو وەکو ئیڤانس دەڵێ پیاوانە یاری بکەین، بۆ نموونە  چی دەبێت ئەگەر ژەمێك قاپ شوشتنمان دواخستو بەکارێکی بەرهەمهێنەرەوە خۆمان خەریك کرد؟ خۆ دونیا ناڕووخێت! !یان بەرامبەر بە پۆستێکی لاواز هەڵنەخەڵەتێین و سازشکاری نەکەین و سوور بین لەسەر پۆستی گەورەتر!

لە کۆی بیستو قسوور کۆلیژ لە زانکۆی سەلاحەدین، تەنیا یەك کۆلیژ راگرەکەی ژنە، لەوەندە وەزیرەی هەمانە زۆر کەمیان ئافرەتن، ئیدی پێدا بچووە خوارێ..تاد بەرامبەر بەمانەش ئەگەرچی ئەو ژنانەی کە بڕوانامەی زانستی بەرزیان هەیە کەم نین، بەڵام ئەو ژنانە کە بە ژنبوونی خۆیان ئاسوودەنو بە وەرگرتنی پۆست رۆحیان نابێت بە پیاو... بەداخەوە زۆر کەمن. لای ئێمە ئەو ژنانەی پیاوانە یاری دەکەنو دەگەن بە دەسەلات پیاوانەش دەبنەوە واتە زۆربەیان مێیایەتی خۆیان لە دەست دەدەن.

-----------------------------------------------------------------------------------------------

تێبینی:ئەم وتارە هاوکات لە گۆڤاری روناهی بلاو دەبێتەوە.